# سوپاسنامەیەك بۆ ئازادیخوازەكان

# و

# نامەیەك بۆ گورگە ئادەمییەكان

## پێشەكی



**دەقی فتوای عەلی باپیر**

**سەبارەت بەكوشتنی**

**مەریوان هەڵەبجەیی**

زانایانی ئیسلام زۆربەی هەرە زۆریان دەڵێن هەركاتێك بێ رێزی بەرامبەر بە پێغەمبەر كرا ئەوە ئەو كەسە ئەگەر موسڵمان بێت بێت پێی كافر دەبێت وئەگەر كافریش بێت ئەوە دیارە هەڵەیەكی كردووە دەبێت داوای لێبوردن بكات لەموسلمانان ئەگەر موسلمانیش بێت دەبێت تەوبە بكات، ئەگەر نا سزای ئەو جۆرە كەسانە بریتیە لەكوشتن

رادیۆی نەوا
2006/2/18 11:45:35 AM

## بەشی یەكەم

## سوپاسنامەیەك بۆ ئازادیخوازەكان

**لە ناوچە ئیسلامییە كۆسكەوتووەكاندا هەتا ئێستاش رۆژانە, لێرەو لەوێ ئافرەت بە ناوی هەمە جۆرەوە یان دەكوژرێن یان ئەتك دەكرێنو كەرامەتیان دەشكێنرێت.**

**لە كوشتنیاندا چەندین شێوەو شێواز بەكار دەهێنرێن: فیشەك, چەقۆو گوێزان, خەنجەرو شمشێر, خنكاندن, ژەهراویكردن, پەلوپۆ برین, زیندە بەچاڵكردن, سەربڕین, سوتاندن..تاد.**

**لە ئەتككردنیشدا: لوت برین, گوێ برین, زمان برین, سوتاندنی بەشێك لەلەش, ئەشكەنجەدان, زیندانیكردن, ئابڕووبردن..تاد.**

**جگە لەمانەش هەتا ئێستا, لەم سەردەمە پڕ لەشارستانییەتو زانستو تەكنەلۆژییایەدا, لەولاتو لەشارەو لەگەرەكو كۆڵانە رووخاوەكەی ولاتی مندا خۆشەویستی حەرامە..!! بەشەرەفترین ئافرەت ئەو ئافرەتەیە حیجابی لەسەر بكاو بێناموسترینیش ئەوەیە بە خواستی خۆی پۆشاك بپۆشێت.**

**بەپێی توێژینەوە مەیدانییەكانو ئەو رەفتارە توندو تیژو بێشەرمانەیەی رۆژانەو هەفتانە بەچاوی خۆمان دەیبینینو دەیخوێنینەوەو دەیبیستین تا یەك نێرینە لەسەر ئازادی تیرۆر دەكرێت سەدان ئافرەت خەڵتانی خوێن دەكرێن..!! تا لێپرسینەوە لەگەڵ یەك نێرینە دەكرێت هەزاران مێینە ئیهانە دەكرێن..!! خۆ ئەگەر بەوردی لەهۆكارەكانی بكۆڵینەوە هیچ زەحمەتێك نابینین كەهەموو ئەو كوشتنو رەشەكوژیو**

کەرامەتشکاندنانە لەدەرئەنجامی گوتاری ئایینیەوە بە تایبەت ئیسلام سەریهەڵداوەو سەرهەڵدەدات. دەرئەنجامێك کەهەموو ئینسانێکی خاوەن ویژدانو هۆشمەند بێنێتە ژانو باری هەڵوەستەکردن.

لە مێژووی گوتاری هەموو ئایینەکاندا ریشەیەکی توندوتیژی رەگداکوتاو بەرامبەر بەم توخمە هەبووەو ئافرەت بەشێکی هەرە دیارو ئینسانێکی تەواو چەوساوەی نێو هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا ئایینیەکانو یاسای میتافیزیك بووەو ئەبێت.

روونو ئاشکرایە رەگەزی مێ هێمایەکە بۆ نیشاندانی ئاستی هوشیاریو کۆمەڵایەتیو شارستانیو فەرهەنگی کۆمەڵگاکان, بەمانایەکی دی: ئازادیو ئاسوودەییو پێشکەوتن بەندە بە ئازادی ئافرەتانەوە.

وادەردەکەوێت زانینی ئەم راستیە لای ئایینەکان زانراوو ئاشکرا بوبێت هەر بۆیە لەلای ئایین دەرکەوتنی سەروسیمای ژن یەکێکە لەترسناکترین دیاردەو خەتەرترین دیمەن..! جا بۆ ئەوەی پێگەی مرۆڤایەتی هەمیشە لەکۆیلایەتیدا بمێنێتەوە پێویستە ئەم سەروسیمایە دابپۆشرێتو نەهێڵدرێت هەست بەئازادییە سەرەتاییەکانی خۆی بکاو فەرمانی حیجابیش لەئیسلامدا, ئەگەر چی لەسەرەتادا بۆ جیابوونەوەی ژنە ئازادو کۆیلەکان بووە, بەڵام دواتر ئەم رەهەندەی ئێمەی وەرگرتووە..! رەهەندێك کەچارەنووسی (مێ) دەربار بەم ئامانجە قەپوقاڵی لەنێو بیرمەندە ئیسلامیو غەیرە ئیسلامییەکانیشدا بەرهەم هێنابێت.

ئەم بیرۆکە بچووکە یەکێکە لەناو سەدانو هەزاران بیرۆکەی دیکەی ئەو کتێبەی کەبەناوی (سێکس و شەرع و ژن لەمێژووی ئیسلامدا) بڵاومکردەوەو ئیسلامییەکانی پێ هەراسان بوو فتوایان لەسەر دام.

لە راستیدا بیرۆکەیەکی لەم چەشنە داهێنانێکی نوێ نەبوو بەقەد ئەوەی درکاندنی راستییەکان بێت..! بەڵام ئەوەی ئەم نوسینەمی لەنوسینەکانی دیکە جیاکردەوە ئەو زمانە سادەو رەوانە بوو کەبە مەبەست نوسیبووم, زمانێك کەنەك هەر نوخبە بەڵکو هەر کەسێك خوێندەوارییەکی سەرەتاییشی هەبێت بەباشی لێی تێبگاتو دوور لەهەموو مەغزاو مەعمایەك خۆی بۆ خۆی لەراستییەکان ورد ببێتەوەو ماناکانی بۆ رۆشن ببێتەوە, واش دەردەکەوێت هەوڵەکەم سەرکەوتوو بووبێت چونکە کەسانێك پێی هەژانو جگە لەکاردانەوەیەکی هەمەجییانە شتێکی ئەوتۆی دیکەیان لێنەبینرا.

ئیسلامییەکان بەدرێژایی مێژووی خۆیانو بەبەرچاوی دونیاوە ژن دەکوژنو ژن ئەتکدەکەن, بەڵام بەرەوای نابینن کەسێك بەزمانێکی سادە لەسەریان بنوسێو پەنجەیان بۆ درێژ بکاو بڵێ ئێوە بوون..!! خۆیان بە زمانی عەرەبی بە ژن دەڵێن (كلب, حمار, شيطان) بەڵام پێیان قورسە کەسێك ئەم وشانە بکاتە کوردیو پرسیاریان لێبکات ژن چ ئاژەڵێکی خراپە وا ئێوە پێی دەڵێن سەگو کەرو شەیتان.؟؟ جانەوەرەکان شەرەفو ناموسیان بەسەر ژنو خوشكو کچەکانیاندا دابەشکردووەو ئەم جڵەوەیان توند توند راکێشاوە گوایە یەکێکە لەدیارییەکانی خواو مانای سەربەرزیو شەهامەتی پیاو دەگەیەنێت, بەڵام هەر ئەم جانەوەرانە شمشێر لەو کەسە هەڵدەکێشن کەپێیان دەڵێت گەر شەرەفو ناموسو شەهامەتی پیاو بەسەر ژنو خوشكو کچدا دابەش بووبێت, جا ئەگەر پیاوێك ژنو خوشكو کچی نەبوو کەواتە نە شەرەفی هەیەو نە ناموسو نە شەهامەت..!! رازی نابن پرسیاریان لێبکرێت ئێوە بۆچی شەرەفو ناموسو شەهامەت لەناوگەڵی ژناندا دەبیننەوە..!؟

خۆیان بە عەرەبی دەڵێن: (نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ)

بەڵام رازی نابن کەسێك ئەم ئایەتە بکاتە کوردیو بڵێت ئەوەتا (خوا) دەڵێت ژن کێڵگەی غەریزە جنسییەکانو شوێنی خاڵیکردنەوەی هەوەسەکانی پیاوە.!!

دەبێ ئەم مەهزەلە فکرییە لەچییەوە سەریهەڵدابێت..؟؟

سادەیی لەنوسینی کتێبەکەمدا بۆ باشتر دەرخستنی حەقیقەتەکانی ئایینی ئیسلام بوو. لەراستیشدا دەبێت وابێتو بۆ مەحکومکردنی سەربڕینی ژنان, بۆ دژایەتیکردنی ئەتککردنی ژنان, کەس پێویستی بە زمانی قورسو نوسینی شاز نییەو بەهەر زمانێكو بەهەر جۆرە نوسینێك بێت دەبێ مەحکومی بکەین.

ئەو کاتەی بەشەش ئیسلامییەوە ژنێك ئغتصاب دەکەنو دواتر بەخەنجەر دەکەونە لاشیپانیو هەنجن هەنجنی دەکەن, هیچ کەسێك پێویستی بەزمانی فەلسەفەو مەعریفە نییە تا بەرهەڵستکارییان بکات..!! پرۆفسیۆریی ناوێو خوێندنی باڵای ناوێو پێویست بەوە ناکات لیژنەی شارەزایان هەڵبسەنگێنن..!! پاندانی مەرەکەبی ناوێ, چیلکە دارێكو کۆلکە خوێندەوارێکی بەسە بۆ درکاندنی ئەم حەقیقەتانە.

هیچ پێویست بەوە ناکات لەبەر خاتری خاتران بهۆنینەوەو بەدڵی ئەو مەلاو سەرکردە ئیسلامیانە بنوسین کەبەفتواکانیان رۆژانە سەدان ئینسان خەڵتانی خوێن دەکەن.

لەراستیدا بەدحاڵیبوونێکی زۆر زۆر گەورە هەیە لای کۆلکە نوسەرە عەلمانیو ئیسلامییەکان کەبیانەوێت بەزمانی ئەوان بنوسین. گەورەتر لەوەش ئەوەیە هەندێك نوسەر پێیان وابێت دەبێت بەزمانێکی تەرحەکانمان بخەینە ڕوو وەعزێکی ئیسلامییانەی چەشنی خوتبەکانی مزگەوت بێت زیاتر لەوەی دەرخستنی راستی بێت..!! بەخۆیان نازانن هەرچی گوتاری ئایینیو ئایدۆلۆژیو مەعریفە هەیە دەیگۆڕمەوە بەو ساتە وەختەی گوێم لەقرخە قرخی ژنێکی تازە سەربڕاو نەبێت کەبەناوی شەرەفەوە چەقۆ لەملی دەسوون. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت لێکۆڵینەوەکەم ئەکادیمی نەبێ, بەڵکو ئەم کتێبەم بەشداری دووهەم فێستیڤاڵی رۆشنبیری لەسلێمانی پێکردووەو لیژنەی شارەزایان هەڵیانسەنگاندووەو لەئاستی هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا خەڵاتی دووهەمی بەدەست هێناوە.

چ زمانێك, چ قەڵەمێك, چ نوسینێکی مەعریفیو فەلسەفیو ئایدۆلۆژی لەئاست نوزەی ئەو ژنە خۆی دەگرێت کەکەسێك بەناوی خواوە دێتو باوكو مێردو کوڕو برای ژنەکە دەکوژێتو هەر ئەو شەوەش بەناوی حەڵاڵەکانی ئیسلامەوە ئیغتیصابی دەکات.؟؟؟

کەمن بەم زمانە کتێبەکەم نووسیبێتو ئەم راستیانەم خستبێتە روو دیارە بەدڵی کۆلکە نوسەر عەلمانیو ئیسلامییەکان نییەو لای شێخ زاناکان ئەمە بەسوکایەتی بۆ سەر ئیسلام دادەنێن, هەر بۆیە لەهەر شوێنێك رەخنەیەکیان لێگیرا لەبەرامبەر ئیفلاسیی فکریو مێژوویاندا هاوار دەکەن ئەوە رەخنە نییە بەڵکو سوکایەتییە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامو تووشی تەنگەشەی فکریو عەقیدەیی دەبنو مینبەری مزگەوتەکان پڕ دەکەن لەدرۆ, لەبەرامبەریشدا جگە لەفتوا چاوەڕێی هیچ خەڵاتێکی دیکەم نەکردووەو نایکەم.

کتێبێکم نوسیو کەوتمە بەر فتوای شێخ زاناکان..! وەك غەزالی لەیەکێك لەنوسینەکانیدا دەڵێت (ئەهوەنترین کوشتن سەربڕینە) گەر عەدالەتو رەحمم لەگەڵ بەکار بهێنن ئەوا سەرم دەبڕن.

شێخ زاناکان لەهەر شوێنێك رەخنەیەکیان بیستبێت نوسەرەکەیان تیرۆر یا تۆقین یا شاربەدەر کردووە. رەخنەیان قبوڵ نییە..!! کاتێك پێشەواکەیان قەتلوعامی هۆزێك دەکاو هەرچی نێریان هەیە دەیکوژێو هەرچی ژنو منداڵو سامانیان هەیە دابەشی دەکاو ژنی سەرۆك هۆزەکە بۆ خۆی مارە دەکاتو هەر ئەو شەوە بۆی دەچێتە ژووری پەردەوە, دەیانەوێت مەلایانەو مزگەوتانە ئەم رووداوە بکەینە شاکارێکی مێژووییو پڕ لەشانازیو سەربەرزی..!! نایانەوێت راستو رەوان بنوسینو بڵێین: وەرە براله کەتۆ قەتلوعامی کەسوکاری ژنێك دەکەیتو لەخۆتی مارە دەکەیتو هەر ئەو شەوە لەگەڵی جووت دەبیت ئەمە کەی هاوسەرگیرییە..؟؟؟ ئەمە ئیغتیصابە.!! لێت دەکەنە هەڵا..!! یان پرسیار بکەو بڵێ: ئەرێ براله کاتێك مەچەکەکانت لەخوێنی عەشاماتێك سوور هەڵگەڕاوەو لەناو لاشەی لەخوێن گەوزاودا دێتو دەچێت, تو ئیمانەکەت پێمان ناڵێیت ئەوە چۆن چۆنییە زەوقت هەڵدەستێو عەورەتت رەپ دەبێو دەچیتە پەردەی زاوایەتییەوە.؟؟

نابێ پرسیاری وا بکەینو نابێ ئەو پرسیارانە بکەین چونکە شێخ زاناکانو هەندێك نوسەری ترسنۆکی هیچ پێنەبووی بەناو عەلمانی ئەمەیان بەدڵ نییە.! قەڵس دەبنو دەیانەوێت وەك خوتبە سوواوەکانیان تەنها ورتەو بۆڵەمان بێتو عەزابەکانی دۆزەخ بهێنینەوە خەیاڵمان.

زەمەن لای شێخ زاناکان نەگۆڕاوە.. لای ئەوانو لەم سەدەیەی بیستو یەکەدا دەبێت شمشێرێکی تەمەن هەزارو بیستو حەوت ساڵە حوکم بکات, وەك ئەوەی زولفیقار دوو دەمی هەبێت, یەك بۆ کوشتن, یەك بۆ تۆقینو سەرکوتکردن. پێیان وایە ئازادیو دیموکراتیو کۆمەڵگای مەدەنی خەونەو هێشتا لەهیچ وڵاتێکی دونیادا نەچەسپاوەو نەبووەتە ئاسوودەترین وڵاتی دونیا. دەیانەوێت بەهەمان ئەقڵی بیابانی عەرەبی دەشتەکی حوکم بکەن, لێخوڕ دەشتە..!

رووبەرووی من بوونەوە.. پێیان وابوو نوکی خەنجەری رزیویان زۆر بەئاسانی لەگەردنم دەسوێ, بێئاگا لەوەی ئازادیخوازان نە لەئێستاو نە لەداهاتووشدا ئەوەندەی بۆیان بکرێ ناهێڵن ئەم مەرامەیان سەربگرێتو لەدەرئەنجامی ئەم هەڵوێستەشدا منی مەریوان هەڵەبجەیی لەژێر هەڕەشەی شەمشەمەکوێرەکان دوور خراومەتەوەو تا ئێستا ژیانم پارێزراوە.

خۆشەویستانم

پڕ بە دڵ, بە ویژدانو مەبدەئمەوە, بەقەناعەتی رابردوو ئێستاو داهاتوومەوە, بە دەروونی پڕ لەئیرادەمەوە سوپاسی هەمووتان دەکەم.. ئەزیزانم سوپاس بۆ هەموو لایەکتان, بۆ رێکخراوە مرۆییو پیشەییو فەرهەنگییەکان, کەسایەتیە سیاسییەکان لەکوردستانو دەرەوە, گروپەکان, کەمپینەکان, تەلەفزیۆنەکان, سایتەکان :

**www.bopeshawa.com**
**www.kurdmedia.com**
**www.kurdistannet.org**

گشت ئەو سايیتانەی کەپەیوەست بەم کێشەیەم دەوری ئیجابییان گێڕا, ئەو کەمپینە بەرفراوانەی لەلایەن رادیۆی هاوپشتیو هۆزان محمود لەسایتی rezgar بەرێوەیان بردو تێیدا زیاتر لەهەزار کەسایەتی نوسەرو ناودارو ئازادیخوازی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزیو جیهانی جەم کربووەوە . رۆژنامەکان, ژوورەکانی (چەپی سەربەخۆو کوردستان یونایتد لەپالتالکدا) ئازادیخوازەکانی گشت دونیا, ئەوانەی ئیمزایان کۆکردەوەو ئەوانەی ویستیان رێپێوان بکەن. (داوای لێبووردن دەکەم لەوانەی ناویانم لەبیرکردووە) بەرپرسی رێکخراوی پەنابەران لە فنلەند کەیەکەمین کەس بوون پەیوەندی تەلەفونیان لەگەڵ بەستمو مانوبوونیان دەخەمە سەرچاوم. ئەرکی قورسو هەڵوێستی رادیۆی (هاوپشتی لەسوید بەپلەی یەکەمو مەدەنییەت لەسلێمانیو دەنگی ئەمریکاو BBCی لەندەن) لەبیر ناکەم کەتوانیان دەنگمو هەڵوێستیان بگەیەننە گشت دونیا. هیوای سەلامەتیش بۆ بەرپرسی کەمپینەکان دەخوازم بەتایبەت (شەپۆل سەعید لەبەریتانیا) کەوەك من کەوتنە بەر هێرشو هەڕەشەی ئیسلامییەکان.

سوپاسی هاوکاریو هاوپشتیو هاوفکری مادیو مەعنەویتان دەکەم, چاوی یەکە بەیەکەتان ماچ دەکەم, ناوو ئیمزاتان لەسەر دڵمەو ناسرێتەوە.

سوپاس ئەی ئینسانەکان, نێرتان, مێتان, دوورو نزیکتان, راستو چەپتان, بەجیاوازی بۆچوونتانەوە دەستی موحیببەتان دەگوشم.

دان بەوەدا دەنێم گەر هەڵوێستی ئێوە نەبوایە رەنگ بوو بەرگەی ئەو هێرشە قەصابخانەییەم نەگرتایە کەشەمشەمەکوێرەکان بۆیان دروستکردبووم. هەموو لایەك گەشبین دەکەم لەئاست ئەو پرسیارێتیو هەڵوێستەیەدا بمو لەسەر کارەکانم بەشێوەیەکی باشترو ئەکادیمیتر لەسەر نوسینو بەگژاچوونەوەی جەهالەت بەردەوام بم.

هەر لێرەوە داوا لەهەموو ئەو بەرێزانە دەکەم چ بەنووسین چ بە هەر ئەرکێکی دیکە هەڵساون, بۆ هاوپشتی من نوسرابن یاخود لەدژم, ناوەڕۆکەکەیم بەم ئیمەیلە بۆ بنێرن halabjaee@maktoob.com تا لەداهاتوودا تەواوی کێشەکە بەزانیاری تەواوەوە لەدووتوێی کتێبێکدا بڵاوبکەمەوە. خاوەنەکانیشیان سەرپشکن لەدەرخستنی یان شاردنەوەی ناوەکانیان. هەموو لایەکیش ئاگاداردەکەمەوە کەئەو کۆمەکانەی رادیۆی هاوپشتیو برایانی سویسرا کۆیان کردبووەوە هەموویم بەپێی ناوەکان بەدەست گەیشتووە.



## بەشی دووهەم

## ورتەیەکیش بۆ گورگە ئادەمیو شێخ زاناکان

هەڵەکەتان گەورەیە گەر زانیبێتتان لە وەڵامی کتێبەکەمدا چاوەڕێی چەپکە گوڵی ئێوەم کردبێت..!! ئێوە لە مێژووی دوورو نزیکتاندا جگە لەناوی مەعدەنەکانی دەیان جۆر شمشێر ناوی گوڵەکانتان نەزانیوە..!!

روکنە سەرەکییەکانی ئیسلام لای ئێوە مانای جیاوازی هەیە، کۆی هەمووی دەکاتە ئەوەی مرۆڤ لە ئیسلامدا سەرشۆڕو برسی و هیچ نەبووی وەهم پەرستی هەمیشە ئامادەکراو بێت بۆ تەقینەوە. لەم مەسەلەیەشدا درێغیتان نەکردووەو جیهانتان کردووە بە گۆمی خوێن.

جگە لەم حەقیقەتە کامە مێژووتان..؟؟ کامە فەلسەفەو کامە مەعریفەتان..؟؟ کامە زانست و تەکنەلۆژیاتان..؟؟ کامە داهێنانتان..؟؟؟

١٤٢٧ ساڵە بکوژو ببڕ هەر خۆتانن.! جگە لە ئێوەو مافیا کێ کێ دەکوژێ و کێ کێ دەتەقێنێتەوەو کێ کۆمەڵکوژی دەکاو کێ کێ سەردەبڕێت؟؟ هەر خۆتان بوون و هەر خۆتان.

مێژووژتان لەبەر چاوە، چەند ساڵێک لەمەوبەر کتێبێکی (هادی عەلەوی)م بەناونیشانی (مێژووی ئەشکەنجەدان لەئیسلامدا) خوێندەوە، هەرکەس ئەو مێژووەتان بخوێنێتەوە حەقیقەتی مەرامەکانی ئێوەی بەڕوونی بۆ دەردەکەوێت، لێرەدا هەندێک جۆری ئەشکەنجەو کوشتنتان وەبیر ئێوەو خوێنەران دەهێنمەوە:

1- بەفەرمانی خەلیفە زیاد زمانی رەخنەگر دەبڕایەوە لەوانە (رشید الهجری).

2- ژمارەی ئەو بەرهەڵستکارانەی لەزیندانەکەی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی مردوون بەدەیان هەزار لە ژنو پیاوو منداڵ مەزەندە دەکرێن.

3- هەر حەجاج بوو پرۆسەی لەمێخدانی ئینسانی هێنە ئاراوە.

4- بەفەرمانی خەلیفە هیشام هەردوو دەستو هەردوو قاچی رەخنەگریان دەبڕییەوە, لەوانە (غەیلان) دەبڕنەوەو دواتر سەری دەبڕن.

5- ژمارەی ئەوانەی ئەبو موسلیمی خۆراسانی لەسێدارەی داون دەگاتە شەش سەد هەزار پیاوو ژنو منداڵ.

6- بەفتوای ئیمامەکانی ئیسلام هەر منداڵێك پێنج بست باڵای کردبێتو گومان لەگوێڕایەڵی بکرێت بۆ ئەحکامەکانی شەرع بۆیان هەیە بدەن لەگەردنیو بیکوژن.

7- بەفەرمانی خەلیفە مەنصور پرۆسەی زیندەبەچاڵکردن بەڕێوە چووە.

8- موعتەمید کەوالی ئەشبیلییە دەبێت لەکۆشکەکەیدا باخێکی بۆ چاندنی کەللەسەرە پەڕێنراوەکان دروست کردبوو.

9- ئیماندارەکان ئاوا بکوژی خەلیفە عەلی دەکوژنەوە: لەپێشدا هەردوو دەستی دەبڕنەوە, دواتر هەردوو قاچی دەبڕنەوە, دوایی زمانی دەبڕن, ئینجا چاوەکانی هەڵدەکۆڵن, لەکۆتاییشدا سەری دەبڕن.

10- لەسەردەمی خەلیفە (المعتضد باللە) رەخنەگرێك بەناوی (محمد) دەهێننو هەرچۆن ئاژەڵ کەوڵ دەکرێت ئەئاوا کەوڵی دەکەن تا دەمرێت.

11- هەر لەو سەردەمەدا (ابن عطاش)ی رەخنەگر دەهێنن لەپێشدا پێستەکەیان گوریی هەتا مرد دواتر پێستەکەیان وەك تووتن برژاند.

12- خەلیفە ئەبوبەکر کەسێك بەناوی (الفجاء السلمي) بەبەرچاوی خەڵکەوە دەسوتێنێت.

13- شمشێرە ناودارەکەی خوا (خالیدی کوڕی وەلید) کۆمەڵێك موسڵمانی سوتاندووەو پاش سەربڕینی کۆمەڵێك کەسی دیکە ژنێك ئیغتیصاب دەکات.

14- خەلیفەکانی عەباسی پەرەیان بەشێوەی سوتاندن داوەو کەسەکانیان دەبەستەوەو لەسەر ئاگر دەیانخولاندەوە تا لەسەرخۆ ببرژێن.

15- خەلیفە (معتضد) کەسێکی وەك (محمدی کوڕی حەسەن) دێنێتو چۆن بەرخ لەسەر ئاگر دەبرژێ ئەئاوا لوولی دەدات تا پێستەکەی شەق دەبات دواتر ملی دەپەڕێنێت.

16- هەر بەفەرمانی ئەم خەلیفەیە (ابن ابی الفوارس) دێنن سەرەتا نینۆکەکانی دەردەهێنن, پاشان بەهۆی رەورەوەیەکەوە قۆڵێکی لەڕیشەوە هەڵدەکێشن, پاشان پارچە ئاسنێکی قورس بەقۆڵەکەی ترییەوە دەبەستنەوەو لەبەیانییەوە تا ئێوارە وازی لێدەهێنن تا لەبندا دەردێت, رۆژی دواتر هەردوو قاچەکانی دەبڕنەوە, دواتر سەری دەبڕن, ئینجا لەمێخی دەدەن.

17- خەلیفە هیشامو ئیماندارەکانی بەم شێوەیە خالید القسری دەکوژن: سەرەتا دارێکی ئەستوور دێننو لەسەر پێیەکانی دایدەنێنو جەللادەکان دەچنە سەری تا پێیەکانی دەشکێت, ئینجا لەسەر هەردوو لاقی دایان ناوە تا ئەویش شکاوە, دواتر لەسەر رانەکانی دایدەنێن تائەوانیش بەو دەردە چوون, لەوێشەوە بۆ سەر سمتیو وردە وردە تادەگەنە سنگیو دەیشکێنن, ئەویش بەو سنگ شکاندنە دەمرێت.

18- ئیماندارە ئیسلامییەکانی هەڵەبجەو هەورامانیش بەم جۆرە پێشمەرگەیەك دەکوژن: سەرەتا بەپەرەمێزێکی داگیرساوی گڕشین هەردوو پێی دەسوتێنن, دواتر ئەژنۆکانی دەسوتێنن, دواتر رانەکانی, دواتر سمتی, لەوێوە بەرەو سەرەوەی دەچن تا دەمرێت.

19- کۆمەڵی ئیسلامیو یەکگرتووی ئیسلامی تیرۆرستێکیان هەبوو بەناوی (فەرهەنگ احمد عزیز) ناسراو بە(نامۆ) لەگەڵ چەند موجاهیدێکی دیکەدا بەپلایس مرۆڤیان بچڕ بچڕ کردووە. بەدەمانچەی بێدەنگیش چەندین کەسی ئازادیخوازیان تیرۆر کردووە.

ئەمانە جگە لەو قەتلوعامە بێشومارەیەی کەبەناوی ئەنفالو کیمیابارانو گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە, جگە لەتۆقینو تەقینەوەو خۆکوشتن کەبوونەتە دیاردەیەکی رۆژانەو سیمایەکی رۆشنی گروپەکانیان. ئەم نموونانەش یەك لەملیۆنی نموونە جوانەکانی مێژووی گروپە گورگە ئادەمییەکانن.

ئادەی شێخ زاناکان بەساویلکەکان..نا, بەهۆشمەندەکان بڵێن کامە بەزەییو کامە دادپەروەریو کامە مرۆڤایەتیو کامە ویژدانی ئیسلام..؟؟؟؟

گەر ئەمە مێژووی ئیسلام بێتو تەنها لەم جۆرە مەدالیایە ببەخشن, ئەبێ کەسێکی وەك من چاوەڕێی چ هەڵوێستێکی دیکە لەئێوە بکات؟؟!! تۆ بڵێی بەم هەموو زانینەوە چاوەڕێی چەپکە گوڵی ئێوەم کردبێت؟؟!!

دیتان!؟؟ بیستان!؟؟ خوێنتانەوە کەئازادیخوازەکان لەهەڕەشەکانی ئێوەو لەمێژووەکەشتان نەترسان!؟؟ ئەها لەخەنجەرتان کەس سڵی نەکرد!؟؟ بینیتان کەس گوێی بۆ هاوارو قیژەتان نەگرت!؟؟

هەرخۆتان بوونو هەر خۆتان..! خۆتانو ساویلکەکانتان..! هەر خۆتانو گەمژەکانو مێژووتان..! هەر خۆتانو شمشێری ڕزیوتان..! هەر خۆتانو هەر کلتوورتان, ریشو جبەخانەتان, کەسی دیکەتان لەگەڵ نەبوو, کەس..!! جگە لەزمانی ئاگرو ئاسن هیچی دیکەتان پێنەبوو هیچ..!!

فتوای کوشتنی من لەلایەن جەللادەکانتانەوە بەمەرگی کۆنەپەرستیو سەرفرازی ئازادیخوازانو سەقامگیری دیموکراتی راستەقینەو دروستبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی پڕ لەئازادی تەواو دەبێت.

ئێوە تلیاك بۆ سەرگەرمکردنو جبەخانە بۆ قەتلوعام کردنو شەمشەمەکوێرەش بۆ تیرۆرکردن, ئێمەش بەفکرو دیالۆگ بۆ سەقامگیرکردنی دەوڵەتێکی عەلمانیو بینینو مومارەسەکردنی رەهەندەکانی ئازادی.

**تێبینی :**

**1- ئێرە کلیك بکە**

**http://www.voanews.com/uspolicy/2006-03-27-voa1.cfm**

**بۆ گوێگرتنو خوێندنەوەی راپۆرتی (دیدو بۆچوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) سەبارەت بەم کێشەیە لە 2006/3/27 دا.**

**2- بۆ زانیاری زیاتر کلیکی ئەم ماڵپەڕە بکە**

**http://charlesrcblog.googlepages.com/home**